(کتێبی ڕەشی سەدام حسێن)

# تاکە پۆرترێیەک بۆ دەوڵەت و سەرۆک و خێزان

خالد سلیمان/ مۆنتریال

لە پێناسەیەکی چڕوپڕدا و لە چوارچێوەی پێشەکییەکدا بۆ ( کتێبی ڕەشی سەدام حسێن ) بێرنار کۆشنەر وەزیری پێشوو و پزیشکی فەرەنسی دەڵێت :(سەدام حسێن خراپترین ستەمکار بوو لە مێژووی جیهاندا ، ڕزگارکردنی گەلی عێراق لەڕژێمەکەی کارێکی پێویست وبەپەلە بوو ). ئەوەی وا لەم ڕۆشنبیرو سیاسییەی فەرەنسا دەکات دژی ناوەندە سیاسی و کولتووریەکانی فەرەنسا بوەستێت و ڕایەکی وا بەپێچەوانەی زۆرینە ئەنتی-ئەمریکییەکانی ئەو وڵاتە بەبێ سێ و دوو ڕابگەیەنێ ، مێژوویەکی دوورودرێژە لە چاودێری کردنی مردنێکی ڕۆژانەدا کە سەدام بەسەر عێراقییەکانیدا سەپاند .کاتێک لە ساڵی 1974 بۆ یەکەم جار لەگەڵ کریس کۆچێرا و تیمێکی پزیشکیدا سەردانی کوردستانیان کرد ، لەسەر ڕێگای ڕەواندووز کە لە فەرهەنگی کۆلۆنیالی بەریتانیدا بەڕێگای هاملتون دەناسرێت یەکەمین دیمەنی ئەو مەرگە دەبینن وا سەدام لە کوردستاندا مومارەسەی دەکرد .

لەماوەی ئەو سەردانەدا کۆشنەرو کۆچێرا هاوکێشەیەکی سەیریان بۆ ئاشکرا بوو ، ئەویش فرۆشتنی مەرگ بوو لەلایەن حکومەتەکەیانەوە بە حکومەتی جێگری سەرۆک سەدام حسێن ، ئەو لاپاڵمانەی لە هێلیکۆپتەرە عێراقییەکانەوە ئەهاتنە دەرەوە و لەسەر سنووری ئێران جەستەی کوردەکانیان ئەبری فەرەنسی بوون ، ئەو کامێرایانەش وا وێنەی هەمان مەرگیان پێدەگیرا هەر فەرەنسی بوون . سەدام مەرگی لە وڵاتەکەیان کڕی .

لێرەوە ئەتوانین بڵێین ( کتێبی ڕەشی سەدام حسێن ) کە لەژێر چاودێری ڕۆژنامەنووس کریس کۆچێرا و بەشداری کردنی 23 لێکۆڵەرەوەی تایبەت بەحوکمی سەدام و بەعس لە پاییزی ڕابوردوودا لە پاریس بە چاپ گەیشت شیکردنەوەیەکی سیاسی ، مێژووی ، بسیکۆلۆژی ، خێزانکاری فراوانە بۆ حوکمی سەدام.

لەو سەردەمەی کۆچێرا و کۆشنەر (1974) دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی بەعس بەرامبەر بەکورد کرد ، قۆناغی ژینۆسید لە سەرەتای دەست پێکردنیدا بوو . بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەم کتێبە لەو سەردەمەوە دەست پێ دەکات و ، گرنگیەکەشی لەوەدایە کە هەموو توخمەکانی دەسەڵاتی سەددامی تێدا نەشتەرگەری دەکرێت و لەسەر هەموو ئاستە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و تەنانەت باری خێزانیشەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت . لایەنێکی تری گرنگی کتێبی ڕەش لەوەدایە کە 23 لێکۆڵەرەوەی ناسراو لەسەر ئاستی جیهانی دەربارەی نموونەی تۆتالیتاریزم و دونیای سەددام بەشداری لە نووسینیدا دەکەن .هەر وەک بێرنار کۆشنەریش دەڵێت ئامانجی ئەم کتێبە لە کۆتایدا : "گوێدار کردنی دەنگی شەهیدەکانە".

تاوانەکانی سەددام ، زیندان و ژێرزەمینە نهێنییەکانی و شەڕە درێژ خایەنەکانی کە لە ژماردن نایەن وەک ئەوەی "هەندێک" ئەیانەوێ لە پێناوی کالفامییەکی وەهادا کە تاوانەکانی سەددام لە بەرامبەر داگیرکردندا بە هەڵە ناو دەبات . بەلایەن ئەو " هەندە " وەوە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و مێتۆدەکردنی کوشتن دژی کورد و شیعە و بەرهەڵستکارەکان هەندێک هەڵەی سیاسی بوون ، واتە تاوان نەبوون .

لێرەوە و لەڕێگای ئەو پێشەکییەی بۆ کتێبەکەی نووسیوە ، کۆچیرا وا دەبینێ کە شەڕی ئەمریکا لەوانەیە چارەسەرێکی گونجاو نەبێت بۆ بەلاخستنی دیکتاتۆریەتی سەددام . بەڵام ، لە سایەی ڕژێمێکی پشت قایم بەباروەدۆخی ناوەوە و تۆقاندنی هاووڵاتیان ، چارەسەرێکی تر لەئارادا نەبوو ، بزوتنەوە میللیەکانیش توانای ڕووخاندنی ئەو ڕژێمەیان نەبوو .

کتێبی ڕەش کە 700 لاپەڕەی قەبارە گەورەیە ، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەو نەشتەرگەری و شایەتی و ژمارە دەربارەی قوربانیەکانی بەعس ( کوژراو ،ون بوو ، ئیفلیج ) لە خۆ دەگرێت کە ژمارەیان دەگاتە 3 ملیۆن . لە پاڵ ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی دەربارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەدوێن ، باسەکانی تر گرنگی دەدەنە سروشت و توخمەکانی ڕژێم و چۆنیەتی سەرهەڵدانی و ئامرازەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی پێگە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی کۆمەڵ لە عێراقدا . ئەگەر لێرەدا باسەکەی زانای ئەترۆپۆلۆگی ئەڵمانی خاتوو " سینە کارن ستۆیکە " وەربگرین کە ناوی " دەشتەکانی سەددام بۆ مردن " ی لێ دەنێت ، دەبینین ئەو زیاتر لە مێتۆدی

ئەترۆپۆلۆژی نزیک دەبێتەوە لە سەلماندنی ڕاستی گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا و چۆنیەتی کوشتنی قوربانیەکاندا . بۆ ئەمەش خاتوو ستۆیکە پەنا دەباتە بەر دیاری کردنی باری دانانی لاشەکان لە گۆڕەکاندا و ئاکاری گوللە لە سەریان و هەموو ئەو جل و بەرگ و ئیکسسوارانەی لەگەڵیاندا نێژراون . لەگەڵ ئەمەشدا ستۆیکە جگە لە ژمارەو شوێن و مێژووی گۆڕەکان ، پێناسەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی دەربارەی لاشەکان دەکات و ئەو گۆڕانکاریە فسیۆلۆژیانەی لە ماوەی نێوان کوشتنەکە و کاتی دۆزینەوەیاندا بەسەریاندا هاتووە دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە .لە وەسفێکیدا بۆ باری دەروونی کوژراوەکان ستۆیکە دەڵێت : " ئەو خەڵکانەی وا شالاوی ئەنفال گرتنیەوە ، لە پێش کوشتنیاندا ، وایان دانابوو لە وڵات دوور بخرێنەوە . ئەمەش پاڵی بەهەندێ منداڵ و ژنەوە نا کە شتی زۆر لەبەر بکەن ، لەگەڵ لاشەکانیشیاندا جزدان و جانتای دەستی و ئامراز و چاویلکەو شتی هەبوون ، واتە هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریان دێنیت . ئەم شتانەی ئەیاندۆزمەوە ، پێویستە دەربکرێن و لە هەموو حاڵەتێکدا ئەبێ بگێڕدرێنەوە بۆ خێزانی کوژراوەکان ، چوونکە ئەمانە موڵکی ئەو قوربانیانەن و پەیوەستن پێوەیان " . ستۆیکە دوودڵی لە تاوانبارکردنی پێدەنگی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا ناکات لەبەرامبەر قەسابخانەکانی سەددام دژی عێراقییەکان بەبەرچاویانەوە ، چونکە ئەو کەسێکی " سوودبەخش " و کارمەندێکی باش بوو بۆ دژایەتی کردنی ئێران .بەڵام دوودڵیش لەلایەنگیری شەڕی لە ناوبردنی ئەو ڕژێمە و کەوتنی سەددام حسێن ناکات.

کریس کۆچیرا پەیوەندییەکانی فەرەنسا – عێراق کە لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوەوە دەست پێ دەکات بە پێناسەیەکی وەها دەست پێدەکات دوور نیە مەسەلەی مێتۆدەکردنی تاوانەکانی بەعس بگەڕێنێتەوە ناو سیجالی " نوخبە "کانی ئۆرۆپا . چوونکە پەیوەندیەکانی عێراق و فەرەنسا کە ناوی لێ دەنێت ( پیاهەڵدانێکی بێ سەر ئێشە ) لەسەر ئاستێکی ئایدیالدا خۆی گرتەوە ، بە تایبەتی لە سەردەمی جاک شیراک و سەددام حسێن دا ، فەرەنساش بەشی زێڕینی لە نەعمەتی عێراق وەرگرت .بۆ پێناسەکردنی ئەو پیاهەڵدان و خۆشەویستییەی نێوان فەرەنسا و عێراق کە عێراقییەکانی توشی سەر ئێشەکرد ، کۆچێرا پەنا ئەباتەبەر ئەو زانیاریانەی وا میدیای فەرەنسی بلاویان کردەوەو هەموو ئەو لێدوانانەی وا بەرپرسەکانی ئەو وڵاتە دەربارەی کڕین و فرۆشتنی مەرگ لە نێوان هەردوو لادا ئاشکرایان کرد .چوونکە دامەزراوە پێترۆ – کیمیاوی و نەوەوی و پیشەسازیە سەربازیەکانی عێراق بە توانای زانستی و تەکنۆلۆژی فەرەنسی دامەزران و ملیارەها فرانکی تیا خەرج کرا . هەر لێرەوە نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی چل فڕۆکەی هێلیکۆپتەری " ئالوێت " کە لەساڵی **1974** فرۆشرا بە عێراق و لەدووایدا دەرکەوت کە دژی خەڵکی کوردستان بەکار هاتووە .

خالید ساڵەح کە ئەکادیمییەکی کوردە ، ئەوروپا بەبەشدار لە تاوانەکانی سەددام دژی مرۆڤایەتی لە عێراقدا دادەنێت و لە بابەتێکدا بەناونیشانی بازرگانی مەرگ لە هەمان کتێبدا باس لەو تۆڕە نێودەوڵەتییە دەکات وا مەرگیان بە سەددام فرۆشت .بەپشت بەستن بەو زانیاریانەی وا ( فرانز فان ئارنات ) – فرانز کیمیاوی بە پێناسەی میدیای هۆڵەندی – ئاشکرای کردو هەروەها زانیارییەکانی پەیمانگای ستۆکهۆڵمی نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی ، خالید ساڵەح ئاماژە بۆهەموو ئەو دامەزراوە جیهانیانە دەکات وا گازی موتارد " خەردەل " و ساریتریان بە عێراق فرۆشت . هەر لێرەدا ئاماژەش بۆ هەموو ئەو ئاکارە ترسناکانە دەکات وا ئەو جۆرە گازانە لەسەر جەستەی مرۆڤ بە جێی دەهێڵن وەک سوتان و لەکارخستنی شادەمارەکانی خوێن و ڕشانەوەو کوێر بوون و دەزگاکانی هەناسەدان . هەموو ئەمانەش کە مەرگ کۆتاییانە لەلایەن هەردوو ئۆرۆپای خۆرئاواو ڕۆژهەلاتەوە بە بەعس فرۆشران .

ئەگەر گەڕاینەوە سەر ئەو وشانەی وا بێرنار کۆشنەر لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیویەتی ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چۆن لەهەمان کاتدا وا کۆشنەرو کۆچیرا سەردانی کوردستانیان کرد (**1974** ) و لەسەر سنووری ئێران لەگەڵ کۆمەڵێ خێزانی کورددا بەر بۆمببارانی فڕۆکەکانی عێراق کەوتن ، لە هەمان کاتدا جاک شیراک بەم شێوەیە پێناسەی بەعسی لە عێراقدا دەکرد : ( نەتەوە لەباشرین ئاستیداو ، سۆسیالیزمیش وەک هەڵسوڕێنەی وزەو ڕێکخستنی کۆمەڵی سبەینێ دوو هەستی زۆر نزیکن لە دڵی فەرەنسیەکانەوە ). لەگەڵ ئەم پیشاندانە مێژوویەی پەیوەندییە ڕۆمانتیکییەکەی نێوان عێراق و فەرەنسا و – عێراق و ئۆرۆپاش هەروەها – شاردنەوەی تاوانەکانی بەعس لە پاڵیدا ، کریس کۆچیرا بەشێکی زۆری کتێبەکە لە سەر ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەلەکانی عێراق و کوردستان و سەرنگوم کردنی دیلە کوەیتییەکان لە ساڵی **1991**دەنووسێت .

سامی زوبەیدە کە سۆسیۆلۆگێکی عێراقییە و یەکێکە لە بەشدارانی ئەم کتێبە لەوەوە دەست پێ دەکات کە چۆن چینە کۆمەڵایەتییەکاتی عێراق لە ناو چوون و کۆمەڵگایەکی " سیخوڕ " لە سیاقی گوتاری بەعسدا دەرکەوت . چوونکە ئەو گۆڕانکاریانەی وا بەعس دایسەپاندن و ، جارێک لە خۆماڵی کردن و مەدەنی کردندا و جارێکیش لە ئیسلامیزە و خێڵاندندا خۆیان بینیەوە ، کۆدەقە مێژوویەکەی کۆمەڵگای عێراقییان ونکرد . لە سنوورە نائاسایەکشیدا – زۆر ئاسانیشە بڵێین لە سنوورە فرەئاسانەکەیدا – ئەم سیاسەتەی سەددام کۆمەڵگا و مێژوو و ئابووری تێپەڕاند و گەیشتە سروشت و بیئە سروشتییەکان و زەرەرێکی وەهای پێگەیاندن کە بەدەیان ساڵ ناگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان .

هەر لەم کۆدەقەشدا " ئیما نیکڵسن " ئەندامی پەرلەمانی ئۆرۆپی و سەرۆکی دەزگای " عەممار " بۆ یارمەتی دتنیشتوانی زەلکاوەکانی عێراق وای بۆ دەچێ کە چاککردنەوەی ئەم شوێنە سروشتی و مێژوویە و بیئە ڕاستییەکەی کە وابکات ژیانی بۆ بگەڕێتەوە و باڵندە و گیانلەبەرە کۆچکردووەکانی بگەڕێنەوە یەک ملیار دۆلاری تێبچێت.

چی تۆتالیتاریزمێک؟

حازم ساغیەی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی لوبنانی ،وێنەی سەددام لە ماوەی پرسیارێکی دراو لە کۆدەقە مێژووییەکەیدا دەکێشێت ، بەڵام پرسیارێک لە تۆڵەسەندنەوەی مێژوویی لە دەسەڵاتەوە نزیکە و لە دوواییشدا لە چوارچێوەی دراوەوە ئەگۆڕێت بۆ مێژووی کوشتن . لەبەرئەوەی ئەو پرسیارەی نووسەر دەیکات لەوەدا چڕ ئەبێتەوە ئەگەر هیتلەر یان ستالین " برا " یەک یان کوڕە مام و ئامۆزایەکیان هەبووە؟ هەر لەماوەی ئەم پرسیارەوە "ساغیە" شک بەرامبەر سیفەتی تۆتالیتاریزم پەیدا دەکات وەک پێناسێک بۆ حوکمی سەددام و هەر ناوێکی تری وەک ( حوکمی خێزان ، دیکتاتۆری ، سەرکەتکەر ، خوێنرێژ ) پێشنیار دەکات . چوونکە بەلای نووسەرەوە تۆتالیتاریزم ئەنجامی مۆدێرنەی ئۆرۆپی بوو ، هەر یەکێکیش لە ستالین و هیتلەر دووای بگروبەردەیەکی درێژ خایەنی فیکری و ئایدیۆلۆجی و ئاینی و حیزبی گەیشتە هەرەمی دەسەڵات و ڕێگا لەبەردەمیدا پان و بەرین نەبوو ، بەڵکە زۆریش سەخت بوو .

بەلام لە حاڵەتی سەددام دا مەسەلەکە لە تێرۆری نهێنی و – ئاشکراش – و ڕاهێنانی خود لەسەر کوشتن زیاتری نەدەخواست ، ئەمە جگە لە بەشدارکردنی خێزان و بیئە زۆر نزیکەکانی سەرۆک و هەروەها بیئە خێڵەکی و مەزهەبییەکانیش لە پرۆسەی تۆڵەسەندنەوە لە دەسەڵات . بەڵام لەگەڵ تایبەتمەندی بەعسیزمدا کە ئەتوانین ناوی لێ بنێین " ستەمکاری ڕۆژهەڵاتی تایبەت " ، ساغیە ئەو سیفەتانە دوور ناخاتەوە کە ئەڵمانیای نازی و یەکێتی سۆڤێت و عێراقی سەددام پێکەوە دەبەستێت ، هەر لەم بارەیەشەوە قەتڵ و عامی جولەکەکانی ئۆرۆپا و کۆلاکەکانی ڕوسیا و کوردەکانی عێراق لەیەک کۆدەقدا دەبینێ . کێ سەددامی بەرهەم هێنا ، چۆن دەسەڵاتی کۆنترۆڵ کرد و لەماوەی حوکمیدا چی کرد ، چی بەسەر قوربانیانی سیاسەتە ژێنۆسیدییەکەیدا هات ، چەند لە شایەتحاڵەکان مانەوەو چەندیان بوونە ونبووی ناو مێژوو ، چەند پۆرترێ بۆ سەددام و کوڕەکانی و ئامۆزاکانی و خێزانەکەی دەتوانرێت بکێشرێت ؟ بەبێ ڕێککەوتن و ئاگادار بوون لەیەکتر هەموو نوسەرانی ئەم کتێبی ڕەشە تاکە پۆرترێیەک بۆ دەوڵەت و خێزان و سەرۆک دەکێشن .

لە کاتێکدا مێژونووسی ئەمریکی " پیتەرە سلۆگێت " میکانیزمی چڕبوونەوەی دەسەڵاتی بەعس و بیئە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی باس دەکات و ئەو بێدەنگیە جیهانییەی لەبەرامبەر مێتۆدەکردنی کوشتن لە عێراقدا نوێنرا ، ڕۆژنامەنووسی عێراقی "زوهێر جەزائیری " لەهەمان سیاقدا لەنەشتەرگەری پۆرترێکانی سەددام نزیک دەبێتەوەو وباسی ئەو ئامادەبوونە زۆرە ملێیە دەکات کە سەرۆک لە ڕێگای پۆرترێکانییەوە دروستی کرد . بەپێی جەزائیری ، دەرکەوتنی سەددام لە ماڵی جوتیاران و شوێنە میللیەکاندا ، جۆرێک بوو لەدروست کردنی پەیوەندیەکی ئۆرگانی لە نێوان سەددامێکی وێناکراو لە پۆرترێ و چەمکە ڕۆمانسییەکانیەوە .لەبەشەکانی تری کتێبەکەدا کە لێرەدا جێگای باسگردنی نابێتەوە ( فالح جەبار و ساحیب حەکیم و جۆناسن ڕاندڵ و موحەمەد ڕومەیحی و جانز ۆف ڕاهێ ) نەشتەرگەری توخمەکانی حومی سەددام و قەیرانەکانی کۆمەڵگای عێراقی و لایەنە مەزهەبییەکانی دەکەن .